ستادیۆم
No: 360
کوردستانی نوێ
1
دووتوێی هەفتانەی وەرزشیی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە
ساڵی سی و سێ ژمارە: (9118) سێشەممە 27 / 2 / 2024



# زۆر لە ڕۆژنامەنووسان پەست بوو

ڕۆژی پێش یاریی نێوان هەردوو یانەی ناپۆلی و بارسیلۆنا کە یاریی چوونی قۆناغی 16 یانەی نێوانیان بوو لە چامپیۆنس لیگدا و 1ـ1 کۆتاییهات، چاڤی و فرانکی دی یۆنگ ئامادەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی پێش یارییەکە بوون و ئەوان وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژنامە نووسانیان دایەوە.

لەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا، فرانکی دی یۆنگ لە قسەکانیدا هێرشی توندی کردە سەر ڕۆژنامە نووسان و بەتایبەتیش هێرشی کردە سەر پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ کە لە بارسیلۆنا دەردەچێت و ڕۆژنامەیەکی نزیك لە یانەی بارسیلۆنایە.

سەرەتا با ئەوە بڵێین؛ ماوەیەکە ڕۆژنامەکانی نزیك لە یانەی بارسیلۆنا باسی ئەوە دەکەن کە گوایە یانەی بارسیلۆنا دەیەوێت لە میرکاتۆی هاوینەی ئایندەدا یەك دوو ئەستێرەی دیاری بفرۆشێت، لەنێو ئەو ئەستێرانەدا باسی فرانکی زۆر دەکرێت، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانە باسی ئەوەدەکەن کە یانەی بارسیلۆنا نرخیشی بۆ فرانکی دیاریی کردووە و داوای 100 ملیۆن یۆرۆ دەکات، ئەوەشیان نووسیوە کە یانەکانی وەك پاریس سان جێرمان و مان یونایتد و چێلسیش لەسەر هێڵن بۆ کڕینی ئەم یاریزانە.

بەڵام دی یۆنگ لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا هەموو ئەو هەواڵانەی ڕەتکردۆتەوە، تەنانەت ووتی: من زۆر تووڕەم لەو شتانەی لەم بارەیەوە لەسەر من دەنوسرێت، چەندین شت لەسەر من دەنووسرێت کە هەموویان درۆن، نازانم ئەم ڕۆژنامانە و ئەو نووسەرانە چۆن شەرم لە درۆکانیان ناکەن.

هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە ئەوە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە کە موچەکەم 400 ملیۆن یۆرۆیە، من هیچ زانیارییەکم نییە، بۆ ئەوەش کە وەك ئێوە نووسیوتانە گوایە یانەکەم دەیەوێت من بفرۆشێت ئەمەش هیچ بنە مایەکی نییە، ئێوە شتی ناڕاست زۆر دەنووسن، هەواڵی زۆر هەڵدەبەستن، پێویستە ئێوە خۆتان بگۆڕن.

کاتێکیش پەیامنێری ڕۆژنامەی مۆندۆ پرسیارێکی لێدەکات، دی یۆنگ زۆربە توندی وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: تۆ زۆر شتت نووسیوە کە هەموویان درۆ و دەلەسەن، تۆ زۆر شت درووست دەکەیت و لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکیان نییە، تۆ بۆ وا دەکەیت؟.

دیارە فرانکی زۆر شتی تریشی ووت، لەوانە ووتی؛ ئەو لە بارسا ئاسودەیە، یاریزانانی تیپەکەی و تیمی ڕاهێنەری و ئەندامانی ژووری خۆگۆڕین هەموویان براو هاوکارمن، من ڕێزی تایبەتیان لێدەگرم، بەڵام ڕۆژنامەکان بەپێچەوانەوە قسە دەکەن، بۆیە ئەم جۆرە لەکارکردنی ڕۆژنامەکان پێویستە بگۆڕدرێت.

ئەم تووڕەیی و هەراسان بوونەی فرانکی کاردانەوەی زۆری لێکەوتۆتەوە، بەجۆرێك ڕۆژنامە نووسێکی ڕۆژنامەی سپۆرت لە وەڵامی فرانکیدا دەڵێت: لەوەدەچێت فرانکی خۆی دوای ئەوەی کردبێت ئامادەی ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە ببێت بۆ ئەوەی ئەم وەڵامە توندانەی ڕۆژنامە نووسان بداتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو وەڵامانەی فرانکیدا:

*نەیتوانی سەرچاوەی ئەو هەواڵە ناراستانە ئاشکرا بکات کە چەند ئیدارییەکی یانەکەیەتی یان ژووری خۆگۆڕینە.

*بە هیچ شێوەیەك نەچوو بەلای باسکردنی سەرۆك و ئیدارەی یانەکەدا کە زۆرجار ئەوان سەرچاوەی هەواڵەکانن.

لەلایەکی ترەوە ئێستا باسێکی تر لە ناوەندی یانەی بارسیلۆندا گەرمە و قسەو باسی زۆری لێوە دەکەن ئەویش ئەوەیە نهێنییەکانی ژووری خۆگۆڕینی یانەی بارسیلۆنا دەچنە دەرەوە و دەگەنە ڕۆژنامە نووسان.

ئەم مەسەلەیەش چاڤی ڕاهێنەری تووڕە کردووە، بەجۆرێك کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ یاریزانەکانی ڕێکخستووە و بەدوای سە ر چا و ە کە د ا گەڕاوە، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی یەکە یەکە مۆبایلی لە یاریزانەکان وەرگرتووە و پشکنینی کردوون تابزانێت کێ سەرچاوەی ئەو دزەپێکردنانەی هەواڵەکانی ژووری خۆ گۆڕینە، سەرەنجام هیچی دەست نەکەوتووە، تا دواجار ئێستا گومانی لە تیمی ڕاهێنانی یانەکەی هەیە تەنانەت لەبراکەی خۆیشی کە یاریدەدەرێتی.



شێروانە لە لووتکەدا

2



خارە حەمید وەرزشکارێکی دێرینیش بوو

3



هەمووان سەیری هانسی فلیک و ئەلۆنسۆ و مباپێ دەکەن

4

# شێروانە لە لووتکەدا

رۆژی هەینی رابردوو 2024/2/23 جەولەیەکی نوێ لە یارییەکانی خولی نایابی تۆپی پێی یانەکانی کوردستان دەستییپێکرد و تا رۆژی یەکشەممە 20204/2/25 بەردەوام بوو تیایدا یارییەکانی هەفتەی 21 کران.

**یارییەکان**

**هەینی 2024/2/23**

*شیروانە4×0دەربەندیخان.
*رانیە2×0سۆران.

**شەممە 2024/2/24**

*سیروانی نوێ3×1هەولێر.
*دهۆك2×1ئارارات.
*شەقڵاوە1×1ئاکرێ.

**یەکشەممە 20204/2/25**

*هەندرێن1×0زاخۆ.
*برایەتی0×1پ.هەولێر.
*سەید سادق2×2چوارقوڕنە.

لەم جەولەیەی یارییەکاندا، شێروانەی یەکەم توانی پارێزگاریی لە لووتکەی ریزبەندیی خولەکە بکات و لە دێربی گەرمیاندا بردنەوەیەکی باشی تۆمار کردو 4_0 لە دەربەندیخانی بردەوە کە دەربەندیخان پێش ئەم یارییە لەپلەی چوارەمی ریزبەندیا بوو، بەم دۆڕاندنە بۆ پلەی هەشتەم دابەزی.

سیروانی نوێش ئەم هەفتەیە لە یاریگای خۆیدا بردنەوەیەکی باشی تۆمار کرد و 3_1 لە هەولێری بردەوە، بەم بردنەوەیەش لە پلەی شەشەمەوە بۆ پلەی چوارەمی ریزبەندیی سەرکەوت، پێشمەرگەی هەولێریش شوێنی ئاکرێی دووەمی گرتەوە پاش ئەوەی لەدەرەوەی یاریگای خۆیدا توانی 0_1 لە برایەتی بباتەوە و چووە پلەی دووەمی، ئاکرێش لەپلەی دووەمییەوە بۆ پلەی سێیەم دابەزی پاش ئەوەی لە یاریگای شەقڵاوە 1_1 لە گەڵ یانەی ئەو شارە یەکسان بوو، چوار قوڕنەش لە یاریگای یانەی سەید سادقەوە بە یەکسان بوون2_2 گەڕایەوە چوارقوڕنە و بە کۆی 30 خاڵ لەپلەی پێنجەمدا ماوەتەوە.

**ریزبەندیی یەکەم تا شەشەم**

پاش تێپەڕ بوونی 21 هەفتە بەسەر یارییەکاندا، ئێستا ریزبەندیی یانەکان بەمشێوەیەی لێهاتووە

1- شیروانە(21 یاری)(39 خاڵ).
2-پ.هەولێر(21 یاری)(34 خاڵ).
3- ئاکرێ(21 یاری)(33 خاڵ).
4- سیروانی نوێ(21 یاری)(32 خاڵ).
5- چوار قوڕنە(21 یاری)(30 خاڵ).



# دیاردە ناشیرینەکان تەنگیان بە تۆپی پێ هەڵچنیوە

**ئومێد محەمەد پیرۆت**

دنیای وەرزشی ئێمە پڕە لەو کێشانەی کە پێشتر ڕویانداوە و ئێستاش دووبارە دەبنەوە، لە یاریگاکانی هەموو شوێنێکی ئەم دنیایە کێشە ڕوودەدەن، بەڵام بە دەرکردنی سزای زۆر و قورس، هەتا بکرێت خۆیان لەکێشەکان لادەدەن.


سێ دەردی کوشندە خەریکە بەرۆکی یاریگاکانی کوردستان دەگرێت، یەکەمیان؛ ئەو گیروگرفت و شەڕە بەردەیە کە ژمارەیەکی کەم لەئاژاوەگێڕان دروستی دەکەن، بەبڕوای من هێندەی حەزی ئاژاوەگێڕی ئەو ژمارە کەمەیە، هێندە هەڵچوونی دەرونی کۆی گشتی هاندەرانی یانەکان نییە، خۆئەگەر ئاڕاستەکراو بن جێگەی داخ و نیگەرانییە، بەڵام هیوادارین هێزە ئەمنییەکان هەرکام لەو ئاژاوە گێڕانەیان دەستگیر کرد، بێ سڵەمینەوە بیدەنە دادگا، تا لە بەرامبەر کارە گێرەشێوێنییەکانیاندا توشی سەرئێشەی زۆر ببن.

دەردی دووەم؛ هەڵچوونی یاریزانان و دەستەی ئیداریی یانەکانە بەرامبەر ناوبژیوانان و دواتر هاندەرانیش پەلکێش دەکرێن بۆ ناو ئاگری شەڕو ئاژاوەکان، بۆیە هیوادارین سزاکان هێندە قورس بن، تەنانەت هیچ کەس ولایەنێکیش نەتوانێت لێی دەرباز ببن.

دەردی سێهەم؛ سوشیال میدیایە کە رۆڵێکی خراپ لەو رووەوە دەگێڕن، هەر کاتێك دوو ڕاکەڕاك دەبینن وێنەی دەگرن و وەك ئەوەی هەنگوینیان لە کلۆرە داردا بینیبێتەوە بڵاوی دەکەنەوەوە و دەست ناپارێزن، بەوەش بەشێوەیەك کێشەکە گەورە دەکەن، وا دەزانی دیمەنێکی گۆڕەپانی جەنگی جیهانییە، ڕەنگە ئەمەش (بەمەبەست بێت)، ئەوەش بۆ ناشیرین کردنی شار و یانە و خەڵکی ئەو جێگایانە و مەبەستیش لێی گەورەکردنی کێشەکان بێت، بۆئەوەی بار و دۆخەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی بچن.

کاتێك ئەو ژمارە کەمەی ئاژاوەگێڕان خۆیان تێکدەدەن و پەنا دەبەنە بەر شەڕ و ئاژاوە و بەردباران کردن، کاتێکیش لەم بارو دۆخەدا یانەیەك بەڕێدەکرێت و پۆلیس و ئاسایش لەگەڵیاندا دەبن و پارێزگارییان لێدەکەن، بۆدەبێت ڕەخنە لەمەش بگیرێت، من لێرەوە دەستخۆشی لە برایانی پۆلیس و ئاسایش دەکەم کە بەڕاستی ڕۆڵی گەورە و باش دەبینن لەوەی کە ناهێڵن شەڕ و ئاژاوەکان تەشەنەبسێنن، چونکە ئەگەر ئەوان نەبن ئەوە روداو و کارەساتی خراپتر دەبینین چونکە ئەمڕۆ خەڵکانێك هەن چێژ لە شەڕ و ئاژاوە و پشێوی دەبینن.

# خارە حەمید وەرزشکارێکی دێرینیش بوو




گرتەیەک لە یاری برایەتی و زوم زوم

زاگرۆس نانەکەلی

دەمویست بڵێم خارە حەمید ئەوە دێم بۆ تەلەفزیۆن یاری راستەوخۆ دەگوازمەوە و بەرنامەیەکی وەرزشیی پێشکەش دەکەم، کەچی کە لەخەوهەستام هێشتا بەیانییەکی تاریك بوو، ئەوجا زانیم خارە حەمید سەفەری ئەبەدی کردووە و هەموو جوانییەکانی کردە ملوانکەیەکی گوڵە مێخەك تا ئەبەد بۆن و بەرامی لە ویژدان و هاورێیە تیماندا دەمێنێتەوە.

کۆچکردوو پۆستێکی وای نەبوو نەبوو، بەڵام بەرێوەبەر و تێکرای کارمەندان گوێڕایەڵی ئەوبوون، گەر پۆستی هەبووایە، لەبری ئەوەی قات و ریبات بپۆشێت، نانی بۆ کارمەندان ئامادە دەکرد و کارمەندانی بۆ شوێنی راپۆرت و بەرنامە دەبرد و هەرخۆشی دەیبردنەوە بۆ ماڵ.

خارە حەمید بەر لەوەی ئەکتەر بێت، وەرزشکارێکی دێرین بوو، وەرزشکارێکی دێرینی تیپە میللییەکانی هەولێریش بوو، خۆشەویستی ئەو بۆ هونەر و وەرزش، وای لێکردبوو وەرزش وهونەر لەخۆی دانەبڕێنێ.

پێش راپەڕین و دوای راپەڕینش هەر لە هۆڵ و یاریگاکانی شاردا بوو، ساڵی 1993 یانەی برایەتی لەگەڵ بەرنامەی زووم زووم یارییەکی دۆستانەیان بۆخۆشی ئەنجامدا، بلیتی یارییەکە بۆ کڕینی پەڕاوگە بوو بۆ قوتابخانە و خوێندنگاکانی هەولێر، حەمیدی کۆچکردوو یەکێك بوو لەیاریزانانی بەرنامەی زووم زووم، ئەو زۆر بەلێهاتووی رووبەڕووی یانەی برایەتی دەبووەوە.

دیارە ناکۆکی من و کۆچکردوو کۆن بوو، ناکۆکی من و ئەو زۆر باشتر بوو لە تەبایی و برایەتی ئێستا، چونکە ئەو ناکۆکییە، بۆ رق وکینە و دڵرەقی و بەرژەوەندی و پۆست نەبوو، شەڕمان نەبوو، تورە بوون هەبوو، پێك نەدەهاتین، هەردەم ئیشیشمان لای یەکتربوو، هەردووکمان هیچ بەرژەوەندییەکمان لەگەڵ یەکتر نەبوو، ئەو تورە دەبوو، من نەمدەزانی بڵێم خۆ تۆ بەرپرسی من نیت بۆ تێکەڵ بە کارەکانی من دەبیت، چونکە دەمزانی بۆ خۆی نییە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، بۆیە گوێی لەمن دەگرت.

ساڵی 2005 کۆچکردوو دەیگوت: ئێستا هیچم ناوێت، ئەتوو بەرنامەی وەرزش پێشکەش بکە، درم ئیسراحەت دەکات، هەروەها دەیگووت: چیت بۆ بەرنامەکە دەوێت من بۆتی ئامادەدەکەم، شەوانەش تا بەرنامەکەم تەواو دەکرد نەدەچووەوە ماڵەوە، دەمگوت خارە تۆ بڕۆ، دەیگوت: نا حەز دەکەم لەدیار بەرنامەکە دانیشم.

ساڵی 1992 کە راستەوخۆ کاری کۆمێنتاریم بۆ یاری کۆتایی چامپیۆنس لیگی ئەوروپا بە زمانی کوردی کرد و بۆ مۆندیالی 1994 و 2006 یش وەك پێشکەشکار و کۆمێنتار کارم بۆکردن، کۆچکردوو هەموو چرکەیەك لەگەڵم بوو تا مۆندیال کۆتاییهات.

زۆر بەداخم کە رۆژی دووشەممە 2024/1/22 بەکارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد، بۆ ئەم کۆستە ئەمە یەکەمجارە بنووسم، نووسینەکەشم شوێنی خۆی ناگرێت، چونکە دەزانم چاوم بەرایی نایەت پاش 32 ساڵ پێکەوە بوونمان، دوا ماڵئاواییمان لێ بکات، هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکت برا و هاوڕێی ئازیزم خاری هەموان خارە حەمید، رۆحت شاد و گۆڕت چراخان بێت.

# پێشمەرگە یارییەکی قورسی هەیە


ترتيب الدوري العراقي الممتاز
المجموعة الأولى
بعد الجولة 10

| ن | الفريق | لعب | +/- | النقاط |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | بيشمركة س | 8 | +5 | 15 |
| 2 | الناصرية | 9 | +3 | 15 |
| 3 | ميسان | 9 | 0 | 13 |
| 4 | الكرمة | 9 | +1 | 13 |
| 5 | الفهد | 9 | +1 | 13 |
| 6 | مصافي ج | 8 | +3 | 12 |
| 7 | الاتصالات | 9 | -2 | 12 |
| 8 | عفك | 9 | -1 | 10 |
| 9 | سامراء | 10 | -3 | 9 |
| 10 | الحسين | 9 | -7 | 9 |
| 11 | الشرقاط | 9 | +1 | 8 |

نتائج الجولة 10

| | | |
| --- | --- | --- |
| مصافي م | انتظار | ... |
| الفهد | 2 - 2 | الناصرية |
| بيشمركة س | 2 - 0 | سامراء |
| الحسين | 2 - 1 | الكرمة |
| الاتصالات | 0 - 0 | ميسان |
| عفك | 2 - 1 | الشرقاط |

مباريات الجولة القادمة

| | | |
| --- | --- | --- |
| سامراء | انتظار | .... |
| الناصرية | 2:30 | بيشمركة س |
| الكرمة | 2:30 | عفك |
| مصافي ج | 2:30 | الحسين |
| ميسان | 2:30 | الفهد |
| الشرقاط | 2:30 | الاتصالات |

خولی نایابی تۆپی پێی یانەکانی عیراق، 10 هەفتە لەیارییەکانی کراون، لە هەفتەی 11 یەمینی یارییەکانیشدا، پێشمەرگە یارییەکی گرنگ و چارەنووسسازی هەیە و یارییەکەشی بەرامبەر ناسرییەی دووەمی گروپەکەیەتی، هەردووکیان خاوەنی 15 خاڵن، بەڵام ناسرییە یارییەکی زیاتر لە پێشمەرگە کردووە،ئەم یارییەشیان لە یاریگای ناسرییە دەبێت.

تیپی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە دوایەمین یاریی خۆیدا لە هەفتەی دەیەمدا، بردنەوەیەکی باشی تۆمار کردوو لە نێو یاریگای خۆیدا 2ـ0 لە یانەی سامەڕای بردەوە، ئەم بردنەوەیە پێشمەرگەی گەیاندەوە لووتکەی ریزبەندیی کە هەفتەی پێشووتر لە دەستیدابوو بەهۆی ئەوەی ئەو هەفتەیە چاوەڕوان بوو یاریی نەکردبوو.

پێشمەرگە خاوەنی 15 خاڵە، ناسرییەش لەکۆی 9 یاریی خاوەنی 15 خاڵەو دووەمی گروپەکەیە و ئەم هەفتەیە پاش یەکسان بوونی 2ـ2 لەگەڵ فەهد لەپلەی یەکەمییەوە بۆ ئەم پلەیە دابەزی، کەرمەش بە دۆڕاندنی 1ـ2 بە ئەلحوسەین بۆ پلەی سێیەمی دابەزیوە و ئێستا 13 خاڵی هەیە.

هەرچی تیپی یانەی مەیسانیشە لەدەرەوەی یاریگای خۆی 0ـ0 لەگەڵ ئیتیسالاتی چوارەمی ریزبەندیی 0ـ0 یەکسانبوو، و مەیسان چوارەمەو 13 خاڵی هەیە و ئیتیسالاتیش بە 12 خاڵەوە پێنجەمی ریزبەندییە.

رۆژی هەینی رابردوو 2024/2/23 یارییەکانی هەفتەی 10 کران، ئەنجامی سەرجەم یارییەکانی گروپی یەکەم بەمشێوەیەی لای خوارەوە بووە:

*پ.سلێمانی 2× 0 سامەڕا.
*فەهد 2 × 2 ناسریە.
*ئەلحوسەین 2 × 1 کەرمە.
*ئیتیسالات 0 × 0 مەیسان.
*عەفەك 2 × 1 شەرگات.

ریزبەندیی گروپەکەش بەو شێوەیەیە کە لە خشتەکەدا دیاریی کراوەو لە پەیجی رەسمی یەکێتیی تۆپی پێی یانەکانی عیراقەوە وەگیراوە



# هەمووان سەیری هانسی فلیک و ئەلۆنسۆ و مباپێ دەکەن

رەوەز ئیسماعیل

ئەم وەرزە راهێنەرانی خولە بەهێزەکانی ئەوروپا هێندێکیان بڕیاری واز هێنانیان داوە، هێندێکیشیان لەسەر کەناری دوورخستنەوە یان وازهێنانن، لەگەڵ ئەمانیشدا دەنگۆی رۆیشتنی چەند ئەستێریەکی یانەکانیش لە ئارادان لە نێویاندا کلیان مباپێ، ئایا ئەو گۆڕانکارییانە نەخشەی تۆپی پێی ئەوروپا دەگۆڕێت یان نا؟.

سەرەتا با باسی راهێنەران بکەین، لە بارسیلۆنا چاڤی هێرناندێز خۆی یەکلایی کردۆتەوە و ئەم وەرزە دوا وەرزی دەبێت لەگەڵ بلوگرانا، یانەی بارسیلۆناش خەریکی چاوگێڕانە تا جێگرەوەکەی بدۆزێتەوە، تائێستا یەکلایی نەبۆتەوە کە کێ جێگرەوەی چاڤییە، لەسەر مێزی هەڵبژاردنی راهێنەران ناوی زۆر راهێنەر دانراوە، لەوانە دی زێربی ئیتالی و راهێنەری یانەی یانەی برایتۆن، هانسی فلیکی ئەڵمانی، تۆماس تۆخێل و تەنانەت مۆرینهۆش ناوی هاتووە، بەڵام شارەزایانی یانەکەو رۆژنامە نووسانی نزیك لە یانەکە هەمیشە رەشبینن بەوەی بارسیلۆنا ناتوانێت راهێنەرێکی بە ئەزموون و ناوداری وەك هانس فلیك بکاتە راهێنەری یانەکە، بەڵکو پێیان وایە بارسیلۆنا بە راهێنەرێکەوە دەنیشێتەوە کە کەس چاوەڕوانی ناکات.

یانەی بایرن مونشنیش ئەمساڵ بەدەستی چاڤی ئەلۆنسۆ تاڵاوی مەرگ کراوە بەقورگیدا و چاڤی ئەلۆنسۆ و یانەی بایەر لیڤەر کوزن ئێستا بایرن مونشنیان دابەزاندۆتە پلەی دووەمی و 8 خاڵ لەپێش بایرنەوەن، ئەمەش وایکردووە تۆماس تۆخێلی راهێنەری یانەی بایرن مونشن گلۆڵەی بکەوێتە لێژی.

لە خولی ئینگلیزیشدا لەناکاو یۆرگن کلوپی راهێنەری یانەی لیڤەرپوڵ بڕیاری وازهێنانی لە یانەکە دا، ئەمەش بۆخۆی رووداوێکی گرنگە لەم خولەدا و تائێستاش یانەی لیڤەرپوڵ جێگرەوەی دیاریی نەکردووەو وەك دەڵێن بە نهێنی و ژێر بەژێر کار بۆ هێنانی راهێنەرێکی بە ئەزموون دەکات و باسی تۆخێل و کۆنتی لەئارادایە کە یەکێکیان رەنگە ئەو ئەرکە بگرێت ئەستۆ.

ئەگەر چی ئەمساڵ بایەر لیڤەرکوزن لە باشترین بار و دۆخیدایەوە چاڤی ئەلۆنسۆی راهێنەر باشترین سەرکردایەتی تیپەکەیان دەکات، بەڵام یانە بەناوبانگەکانی ئەوروپا بەنیازی ئەوەن وەرزی ئایندە چاڤی ئەلۆنسۆ ببەنە ریزەکانیان، ئەگەرچی هیچ هەواڵێکی لەم جۆرە لەئارادا نییە، بەڵام بایرن مونشن و لیڤەرپوڵ لەهەوڵی ئەوەدان قسەی لەگەڵدا بکەن و بۆ هاوینی ئایندە بیکەنە راهێنەری یانەکەیان.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە چاوەڕوان نەکراوانەدا لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی یاریزانایشدا باسی مباپێ و پاریس سانجێرمان و خراپی پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لەئارادایە.

مباپێی فەرەنسی و ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان ئەم هاوینە بۆندەکەی لەگەڵ یانەکەی کۆتاییدێت، تائەم ساتەشی لەگەڵدابێت بۆندەکەی نوێ نەکردۆتەوە، لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم وەرزەی 2023_2024 ، ئیتر ئەم یاریزانە یاریزانێکی ئازاد دەبێت و بەئارەزوی خۆی دەتوانێت بچێتە یانەیەکی تر، خلیفی سەرۆکی یانە پاریسییەکەش تائەم ساتەشی لەگڵدابێت رەشبین نییە، هیوای بەوە هەیە ئەم یاریزانەو خۆی بگەنە رێککەوتن بۆ نوێکردنەوەی بۆندەکەی.

لێرەو لەوێش باسی ئەوەدەکرێت کە گوایە ژێربەژێر مباپێ و ریاڵ مەدرید گەیشتونەتە رێککەوتن کە وەرزی ئایندە ئەم ئەستێرە فەرەنسییە ببێتە یاریزانی یانە مەدریدییەکە، تەنانەت ئەوەش دەوترێت کە هەردوولا گر ێبە ستە کە شیا ن ئیمزا کردووە و تەنیا راگەیاندنی ماوە، بەڵام ریاڵ مەدرید وەك رێزێك بۆ یانەی پاریس سانجێرمان راگەیاندنەکەی دواخستووە بۆ سەرتای هاوینی داهاتوو.







کوردستانی نوێ
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو
خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: کەژاڵ ئەحمەد - مەریوان مەسعود - جەمال ئاریز
سکرتارییەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - رۆژا دلشاد مەریوانی - هەلکەوت زەنگەنە
سەرپەرشتیار: ئیسماعیل مەحمود
دیزاین: ئومێد محەمەد
ژمارەی تەلەفۆن: 009645333016 – 00964533301643
Email: knwe@knwe.org
www.Knwe.org
ناونیشان: عیراق . هەرێمی کوردستان . سلێمانی . شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان